چیرۆکی لەیەکیان کردین

نووسەر ....شۆخە ئاڵۆن

کاتژمێرە 2شەوە نازانم شەوان ئەم کاتژمێرە بۆناڕوا نازانم ئەم شەوانەی زستان بۆ ئەوەندە دژێژن کە وا دەکات من هەموو شەو یادو بیری تۆ بێت بەخەیاڵم جگە لەدەنگی ترپەی دڵی من و دەنگی کاتژمێری دیوارەکە هیچ دەنگی تر لەم ژووڕە ساردو سرە بوونی نییە.منیش بەدەم خەیاڵی تۆ فرمێسک لەچاوەم دێ و دەیسڕەم و زەردەخەنەیەک دەکەم دەڵێم ئاخۆ ژیان ئاوا سەختە ئیتر تۆ ڕۆیشتی بەنەبوونی تۆ دە هێندەی تر شەوانی زستان درێژتروو سارتربوو لەگەڵ ساردی دڵی منیش ئاخۆ ئێستا دەبێ تۆ چی بکەی بێی من چۆنی ئەی گشت حاڵی من هەموو شەو من یادی تۆ دەکەم ئاخۆ تۆش بیروو یادی من دەکەی وەک من یاخود هەر لەبیرت نەماووم سراوەمەتەوە لەژیان وبیرو ئەقڵ ویادی تۆ نانا خۆ نابێت هێندە بێوەفاش بیت ئەو ڕۆژانە لەیاد بکەی کەتیدا پێکەنین وگریان تیدا دڵخۆش بووین وتیدا خەمباربووین ئاهێک بۆ گشت ئەو ڕۆژانە کەناگەڕێنەوە خۆزگە دەمتوانی کات بگەڕێنمەوە دواوە دووبارە بتوانم لەگەڵت بم بەڵام بەخۆزگە هیچ نابێت وداری خۆزگەش بێی بەرە ئەوەی لە تووە بۆم مایەوە کۆمەڵێک یادگاری کوشندەیە، کە هەر کاتێک بیانەوێت فڕێم دەدەنە نێوو ئامێزی مردنەوە .مردنی نەدەمکوژێت نەدەهێڵی بژیم، تەنیا هەناسە دەدام و هیچیتر هیچ کەسێک ڕۆژی مردنی خۆی نازانێت !بەڵام من هیچ کات ڕۆژی مردنی خۆم بیرناچێتەوە !ئەو ڕۆژەی ڕۆیشتی مردنێ من بوو بڕێک مردن هەیە یەکجار نییە .بەڵکوو هیچ کاتێک تەواو نابێت و هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبێتەوە بڕێک مردن هەیە نەڕوحت لەجەستەت دەردەکات نە دەشهێڵێت بژیت، بەڵکوو تا هەتایە لەنێوان مردن و زیندوو بووندا هەڵت دەواسێت بێ ئەوەی بهێڵێت ژیان بکەیت.

هەندێک جار مرۆڤ لە چرکەیەکدا تەمەنێک دەمرێت .، ڕۆژی مردنی من ئەو ڕۆژە بوو کە نە تامەزرۆی دیداری بەهەشت بووم و نەترسیشم لەئاگری دۆزەخ هەبوو!ئەو ڕۆژە بوو کە تەواوی ڕەنگەکان مردن و دونیای من بوو بە ڕەش و سپی .ئەو ڕۆژەی کە تێگەیشتم مردن تەنیا دەرچوونی ڕوح نییە.لە جەستە، بەڵکوو نەمان و لە دەستدانی ئازیزان مردنێکە هەزاران جار لەڕوح کێشان کوشندە ترە .لەو کاتەدا دەرچونی ڕوحم لەجەستەم گەورەترین دیاری بوو خودا پێمی ببەخشێ

سەیرەتەواوی دوێنێ لە قەرەباڵغیدا بووم، دەوروبەرم پڕ بوو لە ئەو مرۆڤانەی کە ژیانێکی ئاسایی و بێخەم دەژیان کەچی لەو قەرەباڵغیەدا من تەنیا ترین کەس بووم .لە نهێنی ئەوە تێ ناگەم، بۆچی هیچ قەرەباڵغیەکو هیچ شوێنێکی دونیا تۆم لەبیر ناباتەوە؟ نازانم بۆچی هێندە دوریت لێمەوە لە کاتێکدا بەردەوام لە خەیاڵمدایت؟ بۆچی هێندە بیرت دەکەم لە کاتێکدا لە خۆم نزیکتریت لە دڵمەوە؟ یەکەم ڕۆژ ناسینمانت بیرە کە پۆستێتکت کردبوو وتبووت کێشە لەفیسبووک وماسنجەرم هەیە هەندێ جار بێی هۆ تێک دەچێت بیرتە کۆمێنتم کرد دواییش هەر بەو بۆنەی ئەو پوستە هاتمە چات ویەکمان ناسی من ئەو ڕۆژەم هەمیشە لەبیرە ئەگەر تووشی نەخۆشی زەهایمەریش بم مەحاڵە ئەو ڕۆژەم بیربچێت چونکە ڕۆژێ زۆر خۆش وتایبەت بوو لام ئەویش ناسین وهاتنی تۆبوو بۆ ژیانم کەتەواو تەواو ژیانمت گۆری دوای ئەوەی کێشەی فیسبووکەکەتمان چارە کرد ئەو ڕۆژە دڵم جیاواز لێێ دەدا لەخۆیەوە دڵخۆشی تەواوی ڕووخسارو دڵمی گرتبوو بەبێی هۆ هەستم پێی وتم

ئەم کەسە ئەو کەسەیە کەلەگەڵی دڵخۆش دەبیت وژیانت پێی دەبەخشێ دیارە هەستم درۆی لەگەڵ کردووم ئێستا لێرە نیت وژیان ودڵم تەواو تەواو خەمبارن زۆرجار هەستەکانیش درۆ دەکەن بەڵێ درۆ دەکەن ئیتر دوای ئەوە سووپاست کردم و وتت کاک هەرێم زور سووپاس بۆ یارمەتێکەت کەیارمەتیت دام لەچاکردنەوەی فیسبووکەکەم منیش وتم شایەنی نییە .هەر چیت ویست دەتوانی پێم بڵێ ویارمەتیت دەدام ئیتر دوای ئەوە خوا حافیزیمان لەیەک کردوو نازانم بۆ تەواوی ئەو ڕۆژە دڵخۆشبووم لەخۆمەوە پێکەنیم تەنانەت دایکیشم ئەو دڵخۆشیەی منی بینیبوو دەیووت خێر چیبووە بۆوا پێدەکەنی وتم هیچ نییە.دایە گیان تەنیا دڵمم خۆشەو تەواو خۆشم نازانم هۆکاری دڵخۆشیم چییەدایکیشم وتی یاخوا هەر لەخۆشیە بیت کوڕی من وتم امین سووپاس دایە جیان، بەڵام بە ڕۆیشتنت هەموو دڵخۆشییەکانت لەگەڵ خۆت برد ، من باش نیم ...

ڕاستگۆیانە بدوێین، زۆرێکمان پێویستمان بەوەیە هەندێک جار لوتبەرزی و غرورمان وەلاوە بنێین و تا هێزمان تێدایە بگرین و بڵێین من باش نیم !بەڵێ بگرین .من هەمیشە دەڵێم گریان باشترین نیعمەتێکە کە خودا بە مرۆڤی بەخشییێت، ئەگەر گریان نەبوایە ئەوا ئەو گڕکانەی لە ناخماندایە لە هەر دەرفەتێکدا دەتەقیەوە هەندێک جار بۆ ئاسوودە بوون گریان باشترین هۆکارە ئێستاش ناو جێگاکەم بە بێدەنگی دەگریم سەرینەکەم ، تەڕبووە لەفرمێسک چاوەکانم هەر ئەملاو ئەولا دەکەم بەڵام خەو هەر نامباتەوە هەموو شەو ئەوە حاڵی منە ئەوە بانگی بەیانی دا نوێژ دەکەم و دووبارە هەر وەک جاڕەکانتر داوا لەخودا دەکەم تۆم بۆ بگرێنێتەوە تۆ بدا بەمن لە دوای هەموو نوێژەکانم ئەمە دووعای منە لەخوا بەڵام نازانم بۆ قبووڵ نابێت ، کاتی خودا تۆ پێی بەخشیبووم هەمیشە سووپاس خوام دەکرد وامزانی بۆ ئەبەد لام دەبیت نەمزانی خودا تەنیا بۆ تاقیکردنەوە لەژیان تۆی پێ داوم دوای تۆم لێێ دەبات وبەتۆ تاقیم دەکاتەوە لە سەرەتادا ژیان زۆر بەجوانی خۆی بۆ ئێمە نمایش دەکرد بە جۆرێک هەردوکمان پێمان وابوو کەئیتر بەبێ ئەو جوانیانە دەمرین و ناتوانین بژین .ئەو کاتانە زۆر سوپاس گوزاری ژیان و چارەنووس بووم کە هێندە منیان خۆش دەویست .بەڵام ئێستا دەزانم کە هەر جارێک زیاتر شتەکانیان بۆم جوانتر

کردبێت بۆ ئەوە بووە لە کۆتاییەکەیدا ئازارەکەم قوورس تر بێت، ئێستا دەزانم ژیانم ناپاکی لەگەڵ کردم و لە پشتەوە لێیدام.

هەردوکمان پێمان وابوو دەبینە دوو هاوڕێ و دوو هۆکاری باش بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی یەکتر، بەڵام بویت بە برینێک بۆ من کە هیچ ڕۆژگارێک و تێپەڕینی هیچ کاتێک چارەسەری ناکات .بویت بە خەمێک هیچ دڵخۆشییەک کەمی ناکاتەوە.

هەڵەم کرد کە پێم وابوو ژیان لە ئازاردانم وەستاوە، هەڵەم کرد کە پێم وابوو بۆ خۆش بەختیم تۆی پێ بەخشیووم .وا وردەوردە دوونیا بەرەوو ڕووناک بوونەوە دەچێت ئیمشەویش وەک شەوانتر دووبارە خەو ،نەچووە چاوانم دووبارە شەوەم بێی خەو بەڕێکرد دووبارە شەوەکان یادی تۆیان بیرهێنامەوە، ئەم ماوەیە یاخود ڕاست تر بڵێم لە دوای نەبوونی تۆوە حاڵم بە جۆرێکی سەیر گۆڕاوە .ئێستا ئیتر تەنیا کەسێکم کە لاوازی و بێدەنگی و وەستان بەزاندوومی و هیچ کارێکم بەسەر ئەم دونیایەوە نەماوە بە جۆرێک ئەگەر دونیا لە پێش چاومدا بڕوخێت و وێران ببێت من تەنیا دەستم لەژێر ڕوخسارم دادەنێم و سەیری دەکەم .دووبارە هەست دەکەم بە زۆر هەناسە دەدام هەست دەکەم بێدەنگی ژوورەکە خەریکە دەمخنکێنێ بەرەو باخچەکە ڕادەکەم چونکە ناتوانم هەناسە بدەم، وەک بڵێی نەبوونت هەموو هێزی خۆی کۆکردبێتەوەو بەتوندی دەستی نابێتە قوڕگم وبیەوێت

.... .بمخنکێنێت

ئازارەکەم هەندێکجار هێندە سەختیت ڕێگەی هەناسەدانیشم لێ دەگریت لەباخچەکەوە سەیری دیمەنی خۆر هەڵاتن دەکەم واتازە تیشکی خۆر دەرەکەوێت دووبارە خۆر دەرکەوتەوە بەڵام تۆنا ئاوابوونێک ئاوابووی هەرگیز دەرنەکەوتییەوە، هاتمەوە ژوورەکەی خۆم وسەیرم کرد کاتژمێرە 6 پێوویستە خۆم ئامادە بکەم بڕۆم بۆ ئیش ئەمەوێ خۆم خەریک بکەم بەئیش بۆ ئەوەی بەشێک لەئازارەکانی دڵم لەیاد بکەم لەماڵ دەرچووم وبەڕێکەوتم ورۆیشتم ئیتر گەیشتینە ماڵێک بڕیاروابوو ئیشی کاشی بۆبکەین خەریک ئیش کردن بووین خاوان ماڵەکەشی لێبوو لەگەڵ منداڵەکانی وهاوسەرەکەی لەناکاو دەنگێ هات و وتی کوردە ڕێک لەجێگای خۆم وشک بووم ڕێک ئاوڕم دایەوە ژنی خاوان ماڵ بانگی کچە 8ساڵانەکەی دەکرد ڕێک لەوێش تۆم هاتەوە بیر ئاخر بڕیاربوو لەئیش بیرلەتۆ نەکەمەوە کاتی گوێم لەناوی تۆبوو برینی دڵم نوێ بووە ئەو ڕۆژەم هاتەوە بیر کاتێ دووبارە چاتت نارەدوە وتت سڵاو کاک هەرێم باشی جوابم دایت ۆ دوای چاک چۆنێ ببورە ئەتوانم کاتت ببەم پرسیارم هەیە لەسەر سناپ ئەگەر بتوانی یارمەتیم بدای وتم بەڵێ بەخۆشحاڵیەوە ئەو ڕۆژە بەهاتنی نامەکەت بێی ئەوەی سەرەتا بیخوێنمەوە دووبارە دڵخۆشی سەرتاپای جەستەمی گرتەوە نازانم هۆکاڕ چیبوو ئاخۆ خۆ تۆ یەکەم کچ نیت وا قسەت لەگەڵ دەکەم بۆ لەگەڵ تۆ گیانم دەلەرزێ و تەواو تەواو دڵم خۆش دەبێت ئەو ڕۆژە یەکمان ناسی وبووینە هاوڕێ بیرتە وتت ناوەم کوردەیە و 18ساڵم وتم منیش ناوەم هەرێمە 20 ساڵم ئیتر لەو ڕۆژەوە بووینە دوو هاوڕێ نزیکی یەک بەجۆرێک نزیک بووین وەک ئەوە وا بوو چەندە ها ساڵە نا بگرە هەزاران ساڵە هاوڕێبین وای چەندە ڕۆژێ خۆشبوو تا ئێوارە قسەمان کردوو گاڵتەوقسەمان دەکرد و خۆمان بەیەک ناساند تاوامان لێی هات هەموو ڕۆژ قسە لەگەڵ یەک بکەین بەیانی کەلەخەو هەڵساین یەکەم کارمان ئەوەبێت بەیانی باش لەیەک بکەین وهەواڵ یەک بزانین ، ئیتر ئێوارە هات ئیشەکەم بەرەو کۆتایی دەچوو جارجارەش چاوەم لەکچە بچووکەکەی ئەو ماڵەبوو چونکە ناوی کوردە بوو بەبینینی دڵخۆش دەبووم وتۆم دەهاتەوە بیر ئیتر زەردەخەنە ڕووخساری دەگرتم بۆ ساتێ دڵم خۆشدەبوو ئیتر ئیشەکەمان تەواوکردوو بەرەو ماڵ گەڕاینەوە لە کاتی گەڕانەوەمدا ئاواتە خواز بووم نەزانم بۆ کوێ دەچم، دەمویست ڕێگاکە هەر ،بەردەوام بێت تاکوو دەگەمە کۆتایی، کۆتایی دونیا، کۆتایی ژیان، کۆتایی نەبوونت، کۆتایی خەم خواردن لێت تەنانەت کۆتایی زیندوو بوونیشم .نازانم بەرەو کوێ دەچم، نازانم بەکوێ دەگەم !تەنیا ئەوەندە دەزانم کە بەناچاری زیندوم .هەموو ڕۆژێک بیرکردنەوە لە ژیانی داهاتوم دەمترسێنێت، چونکە دەزانم داهاتوو شتێکم پێ نابەخشێت دڵخۆشم بکات ئاخر من جگە لە تۆ بە هیچ شتێکی تر دڵخۆش نابم نازانم داهاتوو چ بێ چارەییەکی تری بۆم حەشار داوە .پرسیار گەلێکی زۆر و بێ وەڵام سەبارەت بەداهاتوو لە مێشکمدا هەیە کەدڵنیام وەڵامەکان زۆر ترسناکن چونکە دوای ڕۆیشتنی تۆ ئەوەی بەسەرم دێت ترسناکە ......ئەو ڕۆژە تا ئێوارە بە تەواوی خراپ بووم، وام هەست دەکرد خەریکە بۆ ڕێگایەکی ترسناک دەڕۆم و هیچ دەسەڵاتێکیشم ....نییە.بۆ خۆپاراستن لەو مەترسیە

ئیتر ئێوارە هات وگەڕامەوە ماڵ و ڕێک چوومە ژوورەکەم ئەو ژوورەی کە تەنیا شووێنمە هانایی بۆ ببەم تەنیا ژوورەکەم و دیوارەکان شاهیدەن چەند گریاوم بۆت چەند خەمگین ودڵشکاو بوومە بۆت ئیتر دایکم بانگی کردم بۆ نانی ئێوارە منیش وتم دایە جیان برسیم نییە.ماندووم دەمەوێ بخەوەم ئەمڕۆ لەئیش زۆر ماندوو هیلاک بووم دایکم هاتە پێشەوەو وتی هەرێم گیان ئەم ماوەیە هەست ناکەم باش بیت شتێکتە چیبووە .؟ باسی بکا بۆم کوڕی خۆم وەک بڵێ شتێ بێتاقەت وبێزاری کردبیتی وا هەمیشە لەژوورەکەی خۆتی وەک جاڕان نایاتە لای من و باوکیشت دوو قسەو دوو گاڵتەو پێکەنین بکەی چیتە وتم بڕوا بکە دایە گیان هیچ نییە.تەنیا

هیلاک وماندوو دەبم لەئیش وهەر ئەوەندە حەز دەکەم لە ژوورەکەم بم وئیسراحەت بکەم وبخەوەم ئیتر باشبوو ، بەم قسانەم دایکم بڕوای هێنا کەباشم ئەم ماوەیە تەواوی ئەندامانی خێزانەکەم هەستیان بەخراپیم کردووە ئیتر ئێوارە هات وبەهۆی هیلاکی وماندوویێتیێ ڕاستی بڵێم بەهۆی ماندوویێتیێ دڵم جەستەم نا ئەگینا من بەس دڵم ماندووە خەو بردمیەوە لەخەومدا تۆ دووبارە لەماسنجەر نامەت ناردبوو وەک بەیانییە.انتر دووبارە بەیانی باشت لێکردبووم دووبارە وەک جاران لەهەواڵ وتەندوورووستیت پرسیم و هەمیشە وەک جاران قسەو خۆشەکانت پێی دەووتم دەتووت هەرێم گیان باش نان بخۆ لەئیش ئاگات لەخۆت بێت جلی باش لەبەربکا باسەرمات نەبێت لەئیشیش زۆر خۆت ماندوو مەکا ها دەزانی کە هیلاک وماندوو دەبیت من لێرەوە هەستی پێی دەکەم و کەچوویتە هەر ماڵێکیش کچیان هەبوو سەیری کچ نەکەی ها دەتکوژم هههه ئەم قسانەی ڕۆژانەت هەمیشە هێزوو باوەڕیان پێی دەبەخشیم کاتی لەخەو بەخەبەرهاتم زانیم ڕاستی نییە .خەوە بەئاگا هاتنەوەمدا مۆبایلەکەم هەڵگرت و بەرنامەی ماسنجەرەکەم پێکرد تاکوو سەیر بکەم بزانم ڕاستیە بەڵام بینیم فایلەکەت ناکرێتەوە، ناتوانم سەیری بکەم ڕێگریت لەسەر دانابو، مافی ئەوەشت لێ سەندمەوە بەبێ دەنگی سەیری ناوەکەت بکەم .دیسانەوە مشتت لەدڵم گرت و بەتوندی پێیدا کێشا وەک ئەوەی بتەوێت ئەمجارەیان هەلا هەلای بکەیت

..سەیرم لە دڵڕەقی وهێزت دەهات، بەڵام نەمدەزانی بەو کارە لە دڵەوە باش دەبیت یاخود نا

ڕقم لەم ڕۆژانەیە کەهێندە بەهێواشی تێدەپەڕن و کۆتاییان نایەت .نا بەڵکوو ئەوە تۆیت کۆتایی نایەیت، ئەوەتا چەندین ڕۆژ تێپەڕیوە، کەچی تۆ بۆچرکەیەک لەدڵمدا کاڵ نەبویتەتەوە لەفکرمدا نەڕۆیشتویت و لەخەیاڵەکانمدا ون نەبویت.دەی کە خۆت نیت وڕۆیشتی لەخەونەکانیشمدا بۆچی ناڕۆیت؟بۆچی لەخەیاڵەکانمدا وازم لێ ناهێنین؟ بویت بەکابوسی شەوەکانم وشەوێک نییە.خەوێکی مەرگ ئاسا نەبینم و بەئاگا نەیەم .ئای لەنیوە شەوەکانمدا چەند پێویستم پێتەو تۆنیت ......چەند شەوێک پێش ئێستا خەوێکی تۆقێنەر بەئاگای هێنام، دڵم هەتا هێزی تێدا بوو قیژاندی وبانگتی دەکرد، نازانم ئەوکاتە عەقڵم لەدەستدا بوو یان چی موبایلەکەم هەڵگرت ولەگەڵ ئەوەشی دەمزانی ڕێگری لەسەرە و ناتوانم پەیوەندیت پێوە بکەم کەچی چومە سەر ژمارەکەت و بۆم نووسیت )ڕێگریەکە لابە، زۆر کات تاکوو ئامێزی مەرگ دەچم ، ڕەنگە یەکێک لەو کاتانە

. ( پێویست بکات نامەیەکت بۆ بنێرم، بۆ ئەوەی نەمرم

بەڵام نامەکەت پێ نەگەیشت .دڵنیام ئەوەی ئەو شەوە پێیدا تێپەڕیم شێت بوون بوو، چونکە مێشکم تەواو وەستابوو.

ڕۆژانێک کەسەرتاپا هی من بویت.تەواوی کاتەکانت بۆ من بوو کەچی ئێستا سەیری ژمارەکەت دەکەم ناتوانم نامەیەکیشت بۆ بنێرم .نەتدەزانی لەبەر تۆ هەموو مرۆڤەکانم وەلاوە نابو؟

،نەتدەزانی ئێستا هیچ کەسێکم نییە.قسەم لەگەڵ بکات؟ چۆن ئاوا بێ خۆتم دەکەیت، وەرەوە من هیچ باش نیم زۆر بە خراپیش خراپم، هەر هەناسەیەکم کەهەڵی دەمژم وەک ئەوە وایە ژەهر بچێتە سییەکانمەوە ئەی ئەوژەهرانە چۆن نامکوژن هەر هەناسەیەکم کەوا دەیدەمەوە دەڵێی بەسەر دۆزەخدا تێپەڕیوە، ئەی ئەودۆزەخەی ناخم بۆچی جەستەم ناسوتێنێت

بیرت دەکەم !..بەئەندازەی تەواوی ئەوئازارانەی کەچەشتومن بیرت دەکەم، بیرکردنێکی کوشندەو خراپ.خۆتۆ باش دەتزانی لە بێ تۆیدا چیم بەسەر دێت .بۆچی فێری پشت بەستن بە خۆتت کردم و دواتریش

ڕۆیشتیت؟ ئاخر من ئێستا ناتوانم بە بێ تۆ هیچ شتێک بکەم، فێری ئەوەت کردم لە هەموو کاتێکدا پشت و پەنای من بیت، ڕۆژەکانت بە بێ من چۆن بەسەر دەبەیت؟ گەیشتنی هەواڵێکت بۆ من مژدەی بەهەشتە .ئێستا چۆنی؟ دیسانەوە نەخۆش نەکەوتویت؟ گەدەت ئازاری نییە .بەباشی خواردن دەخۆیت؟ ئێستا قسەکانت بۆ کێ دەکەیت هەر ئەوقسانە دەڵێم کەچەندین کاتژمێر بۆ منت دەکردن؟ بۆ کێ ئازارەکانت باس دەکەیت؟ ئەی ئێستا بە دڵدانەوەی کێ ئاسوودە دەبیت؟ ئێستا ئەو کاتانە چی دەکەیت کەقسەت بۆ من دەکرد؟من هیچ نەمتوانیوە لەبێ تۆی ڕابێم، کەتۆ ڕۆیشتی لەجێگەکەت گریانم دانا .بیرت دەکەم ئازارەکەم بە ئەندازەی گەورەیت لەدڵمدا بیرت دەکەم .ئێستا کەتۆ پشتت تێ کردوم تەنانەت خۆشمم نییە .ئێستا نازانم من چی بکەم لەم بێ چارەییەدا؟ لەنێو ئەستێلکیکی قوڕاوی بێ کۆتادا ماومەتەوە وبەهەر هەنگاوێک بۆ دەرباز بوونم زیاتر بۆ خوارەوە دەچم لە کوێیت وەرەو پێم بڵێ کەی قەرارمان ئەمە بوو؟ ، لە هەمووی سەخت تر ئەوەیە کە هیچ مرۆڤێکی سەر ئەم زەوییە ناتوانێت ئەو بۆشاییەی ناو ناخم پڕ بکاتەوە کە تۆ بە نەبوونت درووستت کردووە.

ئێستا حاڵت چۆنە ئەی گشت حاڵی من؟

ئێستا ژیانت چۆنە ئەی گشت ژیانی من؟

ئێستا دڵت بۆکێ لێ دەدات ئەی سەرتاپای دڵی من؟

هێشتا منت خۆش دەوێ؟ پێش خەوتنت خەیاڵی من

دەکەیت هەموو شەوێ؟

خۆمن مردم هێندە بڵێم لەکوێیت چۆن دڵت دێت نەیەیت؟

تۆش بیری من دەکەیت؟ هەست بە نەبوونم دەکەیت؟

وەک من هەموو ڕۆژێک سەرتاپای ئازار ماچ دەکەیت؟ من لەخەیاڵی تۆدابووم فرمێسکەکانم دەڕژایە سەر مووبایلەکەم بێی دەسەڵات دانیشتبووم دەگریام لەناکاو دایکم لەدەرگای ژوورەکەمی داو وتی هەرێم هەڵساوی لەخەو منیش بەخێرایی فرمێسکەکانم سری و وتم بەڵێ دایە گیان هەڵساوم ئیتر هاتە ژوورەکەمم و وتی سالار وئەحمەد ومحەمەد ئامۆزات هاتوون بۆلات وا لەخوارەوە چاوڕێت دەکەن دەی زوو وەرە بۆلایان وتم باشە دایە گیان دەست و چاوەم دەشۆم وئێستا دێمە لایان ئیتر دوای چووم بەخێرهاتن ئامۆزاکانم کرد وتیان هەرێم هەر دیار نیت دەنگت نییە.ئەم ماوەیە هەر ناتبینین خۆت ون کردووە وتم بڵێم چی کاکە سالار هەر خەریک ئیش وکارین ئاوا ڕۆژانە بەڕێ دەکەین محەمەد وتی هەرێم گیان ئێمە بەتەمایی سفرەیەکین بۆخۆمان دەچینە پیاسەو جەوێ دەگۆڕین وتمان بابەتۆش بڵێین تابیت لەگەڵمان دایکم هاتە پێشوو وتی ئاوالله شتێ چاکە هەرێمیش بەڕن بابۆخۆی جەوێ بگۆڕێ منیش وتم نانا من نایام بەخوا ئیش وکاڕم زۆرە چەند ماڵتر هەیە دەبێت ئیشی کاشیان بۆبکەی چەند پیاداگیریان کرد بەڵام ڕازی نەبووم چونکە تاقەت هیچ شتێکم نەبوو، ، هەرلەسەرەتای هاتنیاین ئاواتە خواز بووم چی زووە بڕۆنەوە، چونکە جگە لە ژوورەکەم لە هیچ

جێیەکی تری ئەم دونیایە قەرارم نەدەگرت .هەرچەند بینینی ئامۆزاکانم دڵخۆشی کردم، بەڵام هەر زوو لە تەواوی مرۆڤەکان ماندو دەبوم، چونکە بەردەوام ناچاربوم بەڕویاندا پێبکەنم و خۆم بەباشی نیشان بدەم، وەلێ هیچ کامێکیان نەیاندەتوانی لەدڵەوە باشیم پێ ببەخشن .ئێستا ئیتر دڵنیام کەتۆ بەڕۆیشتنت تەواوی مرۆڤەکانی تریشت لە دڵمدا کوشت

.یاخود نا !ڕەنگە هەر بەهاتنت هەموویانت کوشتبێت وخۆت لە بری هەموویان لەدڵمدا جێگیر بویت

هەست ناکەیت ئەمە ناڕەواییە؟ هەست ناکەیت ستەمێکی

چەند گەورەت لێ کردوم؟ ئێستا چۆن دەکرێت تۆبەم جۆرە ئاوا بێکەسم بکەیت؟چۆن دەبێت بەم جۆرە هەموو ڕێگاکانی خۆش بەختیم لە دوای خۆتەوە لێ دابخەیت؟یان خۆت وەرە یانیش ڕابردوم بۆبگەڕێنەوە ئەوهەموو ڕۆژەی کە ماوە چۆن

تەواویان بکەم؟هەست بەدڵڕەقیت ناکەیت؟ ویژدانت ئازارت نادات؟ هیچ شەوێک لەخەوێکدا نامبینی چۆن ،ئازار دەچێژم؟ ئیرەیی خەریکە دڵم بوەستێنێت ترس ناهێڵێت بژیم.دەترسم کاتەکانم ئێستا کەسێکی تر بردبێتی ،دەترسم بۆ باش بوونت پەنات بردبێتە بەرکەسێکی تر .دەترسم کەسێکی لێزان بێت وبتوانێت بۆخۆیت ببات دەترسم ڕۆژێک هەواڵی ئەوە ببیستم جگە لەمن هاوبەشیت لەژیانی کەسێکی تردا کردبێت تەنانەت بەبیرکردنەوەش لێی تەزوو بە لەشمدا دێت مێشکم ئاگایی خۆی لەدەست دەدات .تۆ بە جۆرێک بوی بەحەسرەت لەدڵی منداو بە جۆرێک دڵم بەدواتەوەیە دڵنیام هیچ کەسێکی تر خۆشبەختیت لێ نابینێت و ئاسوودەی لای تۆ نادۆزێتەوە ئاهی من ناهێڵێت لەگەڵ هیچ کورێکی سەر ئەم هەسارەیە بەختەوەربیت، دوای ڕۆیشتنی ئامۆزاکانم گەڕامەوە ژوورەکەم دووبارە یادی تۆم بیرهاتەوە ئەو ڕۆژەم بیر هاتەوە کە دوای خۆشەویستیم لێت کرد و وتم کوردە گیان دەمەوێ شتێکت پێی بڵێم وتت فەرموو بیڵێ وتم سەرەتا ئەم قسانەی دەیڵێم گشتی ڕاستییە هیچی درۆ نییە.چەندین شەو بیرم لەم قسانە کردۆتەوە کەچۆن پێت بڵێم کوردە لەو ڕۆژەوەی کەتۆم ناسی من تەواو تەواو گۆڕاوەم بەجۆرێ خۆشم خۆم ناناسم هەرێمی پێشوو نیم نەنان خواردنم نە خەوتنم هیچی نەماوە بەهۆی بیرکردنەوە لەتۆو یادی تۆ خۆت دەزانی ئەوە چوار بۆ پێنج مانگە هاوڕێین هەردووکمان باش یەک دەناسین هەردووکمان شارەزاو شتی یەکین کوردە دەمەوێت ڕاستیت پێی بڵێم من نامەوێت چیتر هاوڕێ بین بەڵکوو دەمەوێ ببین بەخۆشەویستی یەک ببین بەتەواوکەری یەک لەخۆشی وناخۆشی وخەمەکانم من دەمەوێ تائەبەد لەگەڵم بیت بۆ ئەبەد لەژیانم بیت زۆرم خۆشدەوویت بەجۆرێک کەناتوانم باسی بکەم تەنیا قسەت لەگەڵ نەکەم وا دەزانم ئەم دوونیایە چۆڵە لای من ئەوەندە هۆگرت بوومە بەڵێنیشت پێی دەدام دوای تەواوبوونی زانکۆ بێمە داوات بتکمە شاژنی خۆم بەڵێن بێت، کوردە بۆچی بێدەنگی شتێ بڵێ ؟ ئەگەر ڕازی نیت ئاسایە من ئێستا لێت دووڕدەکەومەوە ، کوردە .......چی بڵێم هەرێم گیان منیش لەوەتی تۆم ناسیەوە تەواو ژیانم گۆڕاوە بەردەوام بیرم لای تۆیە ماوەی پێنج مانگە دەتناسم کەسێ زور چاکیو هیچ هەڵەت بەرامبەرم نەکردووە تا ئێستاش داوای وێنەت لێی نەکردووم منت نەبینیوە ، هەرێم ...... .ڕاستە ، من تۆم نەبینیوە بڕوابکە کوردە گیان من ئاشقی دڵ ومیهرەبانیت وباشیت بووم نەک ڕووخسارو جەستەت کوردە ......ئەوە دەزانم هەرێم گیان من لەشارێ تر تۆ لەشارێ ترِ زۆر دەترسم ماڵەوەمان ڕازی نەبن من بدا بەتۆ دواتر هەردووکمان دڵمان دەشکێ من قەد لەژیانم خۆشەویستیم نەکردووە وەک بیستوومە کاتی ئاشقەکان .... .بۆیەک نابن ئاوا هەردووکیان تەواو تەواو وێران دەبن ودەشکێن دەترسم وامان لێی بێت ئێمەش ، هەرێم نەخێر کوردە گیان ئێمە وامان لێی نایە ئێمە بەپاکی یەکمان خۆشدەوێت وئاشق یەک دەبین خواش یارمەتیی ئەوانە دەدا کە بەپاکی یەکیان خۆشدەوێت ، کوردە ....بڵێم چی هەرێم گیان مۆڵەتم بدا باچەند ڕۆژێ بیری لێی بکەمەوە ئەوکات جوابت دەدامەوە ، هەرێم ....باشە گیانەکەم چەنت پێی خۆشبوو بیری لێی بکەوە جوابم بداوە من چاوەڕێ وەڵامی تۆ دەکەم ، دوای چەند ڕۆژێ کاتێ وەڵامی منت دایەوە وتت ڕازیم سەرتاپایی جەستەم لەخۆشیە پێکەنی زۆر دڵخۆشبووم زۆر چونکە من کەسێ وەک تۆم هەیە وتت کەوا مەرجێکم هەیە با خۆشەویستێکەی ئێمە جیاواز بێت لە خۆشەویستی کەسەکان تر ئەوەی ئێمە بەپاک وبێگەرد بێت بائاشقی

جوانی وپارە نەبین وتت کەوا من وتۆ دووساڵ بایەک نەبینین نەبەوێنە یان کامێرا باگوێمان لەدەنگی یەکیش نەبێت نەتێل نەڤۆیس بۆیەک نەنێرین با ئێمە ئاشقی دڵی یەک ببینین دوای ئەو دووساڵە ئەگەر پێکەوە ماین ئەوە ئەوکاتە یەک دەبینی ئەو دووساڵە ئەگەر پێکەوە ماین ئەوە ئەوکاتە یەک دەبینین و گوێمان لەدەنگی یەک دەبێت، هەرێم ... .زۆر چاکە من بێی بیرکردنەوە ڕازی بووم چونکە من ئاشقیت بووم گوێم لێی نەبوو ئەگەر نەتبینم دوای ئەوەی بەڵێنمان دا کەبەو جۆرەبێت خۆشەویستێکەمان کە بەپاکی بێت وجیاوازبێت لە خۆشەویستی کەسانی تر تەنیا ئاشق دڵی یەک ببین بەپاکی ئاشقی ئێمە جیاواز بوو هەر وەک سەرەتا بەڵێنمان دا ئامانجمان ئەوە بوو لەخۆشی وناخۆشی پێکەوە بین هەر واشمان کرد هەموو بەیانیان باشمان لەیەک دەکرد و لەتەندرووستی یەکمان دەپرسی ئامۆژگاری یەکمان دەکردوو شەوان پێش خەوتن پێکەوە قورئانمان دەخوێند تۆ وێنەی پەڕەی قورئانەکەت بۆ دەناردم شەوانە دەمانخوێند ئەنجا شەو شادمان لەیەک دەکردوو دەخەوتین ئەو ڕۆژانەی نەخۆش بوومایە هەموو ڕۆژەکە لێت دەپرسیم هەمیشە بیرت دەهێنامەوە دەرمانەکان بخۆم بەباشیش نان بخۆم تا زوو باشبمەوە هەمیشە دووعامان بۆیەک دەکرد دڵمان ئەوەندە پاک بوو پڕبوو لە خۆشەویستی بۆیەک ڕۆژ وا هەبوو لەدەرەوە بووم تا دەچوومەوە ماڵ بەردەوام لێت دەپرسیم کە گەیشتوومەتەوە ماڵ یان دەتووت کە گەیشتیتەوە پێم بڵێ یان لە زانکۆ هەمیشە دەتووت بەباشی وانەکان بخوێنم دووربکەومەوە لەهاوڕێ خراپ هەمیشە کاتی نوێژەکانت دەهێنایەوە بیرم و زیکرەکانت دەنارد تا پێکەوە بیخوێنین وای چەند خۆشبوو ئەو ڕۆژانە لەگەڵ تۆ ئەم هۆکارانە وای کرد کەزیاترو زیاتر ئاشقت بم و هۆگرت بم ئاشقی دڵە جوان وپاکەکەت بم کە هەمیشە منت بۆلای ڕێ خوا بانگ دەکردوو دووربم لە خراپەو هاوڕێ خراپ ئەو ڕۆژانە چەند زوو تێپەری خۆزگە بە گەرانەوەی ئەو ڕۆژانە دەخوازم دوای دوو ساڵ لە خۆشەویستی نێوانمان بیرتە ئەو ڕۆژەی ڕەسمت نارد وتت خۆمم ڕێک شۆک بووم جوانیت وەک میهرەبانیت بوو ڕێک لەفریشتە دەچوویت خوایە چەندە جوان بووین هەزارجار وتم ماشاء الله بەجوانیت شۆک وسەرسام بوو دڵخۆشبووم بۆ یەکەمجار توانیم بتبینم دوای دووساڵ بۆجارێک توانیم بتبینم کچێ سپی زەعیف بووی چاوێ شینی کاڵی ئاسمانی لەگەڵ ڕووماتی چاڵ وای دەڵێ فریشتەبووی لەسەر زەوی وخوا تۆی بۆ من ناردبێت ئیتر منیش وێنەی خۆم نارد هەر چەن وەک تۆ جوان نەبووم بەڵام تۆش منت زۆر بەدڵ بوو ئێمە ئاشقی دڵی یەک بووین نەک جوانی یەکتر لەناکاو هەستم کرد هەناسەم تەنگ بووە خێرا ڕامکردە لای پەنجەرەی ژوورەکەم ویستم کەمێ هەوا هەڵمژم کەمێ ڕزگارم بێت لەم بیرکردنە کەوا تەواو خەریکە دەمخنکێنێ کاتی پەنجەرەکەم کردووە دوو چۆلەکەم بینی ئەوەندە جوان بوون پێکەوە وەک دوو ئاشق دەرەکەوتن منیش بەدەم سەیرکردنیان زەردەخەنە دەکەوتە سەر لێوەم دوای لەناکاو چولەکەیەکیان ڕۆی وئەوی تری جێهێشت وئەوەی تر لەتەنیایە دەیچریکاندوو بەدوایدا ڕایکرد بەڵام ئەوەی تر بەتەواوی ڕۆی وجیهێشت لەناکاو خەمگین بووم و ڕۆیشتنی تۆم هاتەوە بیر ، ئەو ڕۆژەی لەرەقەمێ نەناسراوە تێلم بۆهات کاتی جوابم دا وتت هەرێم من کوردەم. ......

هەرێم .. .گیان کوردە گیان چۆنی

کوردە ... .خراپم زۆریش خراپم

هەرێم .. .چیبووە دەنگت باش نایان بۆ خراپی چیبووە بۆ دەگری دڵەکەم؟

! کوردە .....ماڵەوەمان زانیان نێوان من وتۆیان زانی تەواو هەموو شت تەواو

هەرێم .. .چی چۆن تەواو واتا چۆن زانیان تخوا تۆ بۆم باس بکە مەگری چیبووە ؟

کوردە ... .هەرێم کاتم نییە.گشتیت بۆباس بکەم سارای خوشکم چاتەکان من وتۆی دیبوو هەرەشەی لێکردم تا لێت دوورکەومەوە منیش بەقسەم نەکرد ئیتر چوو بەدایکمی وت منیش ناچاربووم تۆ بلۆک بکەم و دایکم مووبایلی لێی سەندم و وتی بۆت نییە.جارێتر قسە لەگەڵ ئەو کورە بکەیتەوە ئەمەش مووبایل هاورێکەمە دایکمم زۆر لێم تورەبوو زۆری قسە پێی وتم وتی ئەگەر بچیتەوە لای ئەو کورە ئەوە بە باوکت دەڵێم گەر باوکم بزانی قیامەت هەڵدەستێنێ و با ئازار بەتۆش نەگەینن هەرێم گیان لێم دوورکەوە بۆ ئەبەد بچۆ بەلای ژیان خۆت ئیتر بۆخۆت دڵخۆش بژی ومن لەبیر بکا زۆرزۆر داوای لێبووردن تۆ زۆر راستگۆیانە منت خۆشوویست ولەگەڵم بوویت بەڵام بەداخەوە دوو رێگای جیاوازو دوو ژیان جیاوازمان هەیە پێکەوە لە دوونیاکەی تر یەک دەبینینەوە ماڵئاوا بۆ ئەبەد

هەرێم ... .ئەلوو ئەلوو کوردە نا تخوا نابێت شت وا رووبدات نابێت تۆ برۆی نابێت ماڵئاوای نابێت من ناتوانم بێی تۆ بژیم ناتوانم نا من دەمرم جوابی ئەو تەلەفوونە بدا کوردە ئەلوو بۆ داخراوە بەنەفرەت بیت هەموو شت بەنەفرەت بێت ........

لەناکاو راچەڵەکیم دایکمم هاتە ژوورەکەم وتی هەرێم گیان

هەرێم ... .گیان دایکە

دایکی هەرێم .... .راستی کورم هاتووم باسی مەسەلەیکت لەگەڵ بکەم

هەرێم ..... .فەرموو دایە گیان گوێم لێتە

دایکی هەرێم ... .کورم خۆت دەزانی ئیتر گەورەبوویتە کوریش گەورەبوو ئیتر پێوویستە ماڵ وحاڵ وژیان خۆی بدۆزێتەوە راستی دەمەوێ ژنت بۆ بێنم سۆمای کچە مامەت بۆ بێنم تۆ رات چییە کورم خۆت دەزانی ئێوە لە منداڵییەوە پێکەوەن وئامۆزای خۆتەو کچێ جوان وباش وئاقڵ وتێگەیشتووە

هەرێم ... .ئەوە چی دەڵێ دایە من سۆمام هەر وەک خووشک خۆم سەیرکردووە ناتوانم بیکەمە ژنم لەکاتێکدا کە وەک خوشکم وایە تخوا دایە لێت دەپارێمەوە ئەو بابەتە با داخەین من جارێ نامەوێت ژن بێنم

!دایکی هەرێم .... .باشە کورەکەم من زۆرت لێی ناکەم بەس ئەی خۆت هیچ کچت داناوە بۆخۆت ؟

هەرێم ... .تەزوو بەگیانمە هات و چاوەم پر ئاو بوو وتم نەخێر دایە گیان هیچ کچێ نییە.لەژیانم

دایکی هەرێم .... .دەی تۆش کچێ بدۆزەوە بابیکەمە بووکی خۆم ئای منیش حەز دەکەم وەک خەڵکی بووکم هەبێت

هەرێم ... .زەردەخەنەیە درۆم کردوو وتم بەچاوان دایە گیان کچی جوان جوانت بۆ ئەدۆزم بۆ ئەوەی ببیتە بووکت

دایکی هەرێم ... .دەی کورە جوانەکەم من دەچم خەریک خواردن دەبم بۆ نیوەرۆ بریانی وفاسوولیا دەکەم ئەو خواردنەی کەتۆ حەزت لێیە

هەرێم .... .دەست وچاوت خۆشبی دایە گیان بەردیش بەدەستی تۆ خۆش دەرچێت دڵنیا بە

ئیتر دایکم ڕۆیشت و دووبارە بێتاقەتی کەوتەوە ڕووخسارم ئەو ڕوژە پێش ئەوەی تێلم بۆبکەی وبڵێ جیادەبینەوە من سووپڕایزم بۆت هەبوو ئەویش ئەوەبوو دەمووت دێمە داوات قسە لەگەڵ ماڵەوەتان بکا هاتم پێت بڵێم بەڵێنەکەم دەبەمە سەر دەتکمە شاژنی خۆم وبووکی دایکم من چوزانم ئەو هەواڵە ناخۆشە بڕ ژانە بەمن دەکات و ژیان یاری خۆیم لەگەڵ دەکات و تۆم لێێ دەبە تا ئێستاش برینەکەی دڵم ساڕێژنەبووە شووێنت .........هەر لەدڵم ماوە

.... .دوای چەند خوولەکێ تێلێکم بۆ هات وەلامم دا وتی سلاو

هەرێم ... .سلاو فەرموو

نازە .... .سلاو کاک هەرێم من نازەم هاوڕێ کوردەم

هەرێم.. .چی هاوڕێ کوردەی تخوا پێم بڵێ کوردە چۆنە باشە ئەو تخوا پێم بڵێ

نازە .... .بڵێم چی کاک هەرێم ماڵەوەیان گشتیان زانیان پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ تۆ هەبووە بۆیە باوکی مووبایلی لێی سەندوو زۆری لێدا وای زانیوە شەرەفی خێزانەکەیانی بردووە جارێتر ڕێگە نادان مووبایل بەکاربێنێتەوە

هەرێم .. .چی واتا لێیان دا ؟ ئەوە هەمووی بەهۆی منەوە بوو وا ئازاریان دا وا لێیان دا قەد لەخۆم خۆش نابم بەهۆی من ئازار دەخوا تخوا نا تکایە ڕەقەمی ماڵەوەیانم بدایە دەمەوێ قسە لەگەڵ ماڵەوەیان بکەم باسی هەموو شتیان بۆ دەکەم کەبەپاکی خۆشم دەووێت ودێمە داوای

نازە .... .نا نەخێر هەرگیز شت وانەکەی تۆ خێزان ئەو ناناسی هێشتا باوکیت نەناسیووە ئەو ئێستا ئەوەندە ڕقی لەتۆیە سووێندی خواردووە هەرگیز کوردە بەتۆ نەدا بۆیە من هاتووم پێت بڵێم کەهیچ شت نەکەی ژیان خۆت و کوردە بخەیتە مەترسیەوە پێویستە ماوەیەک ئێوە دووربن لەیەک تا ڕۆژی خۆی دێت و کوردە خۆی تێل ونامەت بۆ دەنێرێ سەیرکە پێت دەڵێمەوە کاک هەرێم هیچ شتی مەکا ئازار بەخۆت یان کوردە بگا باوکی کوردە بزانی دەتکوژێ دڵنیا بە ئەمە قسەی کوردەبوو تاپێت بڵێم ئاگات لەخۆت بێت وخەریک ژیان خۆت بیت ودڵخۆش بیت و هیچ نەکەی بیدە دەست خوا ئەگەر خوا نووسیبێتی بۆ هەمیشە پێکەوەین وبەیەک دەگەین

هەرێم .... .باشە تەواو هیچ ناکەم تخوا باش ئاگات لەکوردەبێت نازە خان سەرەتا ئامانەتی خوا دوای ئامەتی تۆی دەکەم پێی بڵێ من هیچ ناکەم دڵنیا بە دووعا دەکەم و دەیدامە دەست خوا دڵنیام خوا جێم ناهێڵێ و نائومێدم ناکا

نازە ... .زۆر چاکە دەی خوا حافیز

هەرێم .....خوات لەگەڵ خووشک

من کۆتایی بەچیرۆکەکەم ناهێنم چونکە هەمووشتم داوەتە دەست خوا ئەگەر خوا نووسیبێتی کوردە بۆ من بێت دڵنیام هیچ شتێو هیچ کەسێ ناتوانی ڕێگری بکا بۆیە من چاوەڕێ ئەو مووعجیزەیەم کە دڵنیام خوا دڵم ناشکێنی ومووژدەی دڵخۆشیم پێی دەدا .... .لێرەوەش پەیامم بۆ ئەو خێزانە بەداخەوە دوو ئاشق لەیەک دەکەن بەبیانووی شەرەف کەبەراستی وبەپاکی یەکیان خۆشدەووێت وئاشق یەکن دوو دەشکێنن وادەزانن خۆشەویستی تاوان وگوناحە نا بەڵکوو ئەوە تاوان وگوناحە کە دوو ئاشق لەیەک دەکەن دڵنیابن قەد کچەکانتان دڵخۆش نابێت ئەگەر دڵی لای کەسێ بێت وجەستەی لای کەسێ تربێت بۆیە واز لەو بیرکردنەوەی کۆمەڵگەبێنن بەبیانووی شەرەف دوو ئاشق لەیەک بکەن.....

..لە ڕاستییەوە وەرگیراوە

نووسەر .....شۆخە ئاڵۆن